


# بیۆگرافیای سیمین بێهبەهانی

ئا: رامان نەسری

سیمین خەلیلی ناسراو بە سیمین بێهبەهانی ١٩ی جوولای ١٩٢٧ی زایینی، لە ماڵی باوەگەورەی دایکیی لە باوک و دایکێک بەناوەکانی، باوکی «عەبباس خەلیلی» نوسەر، لێکۆڵەر و بەڕێوەبەری رۆژنامەی «اقدام» و دایکی «فەخر عوزما ئەرغەوان» نوسەر و شاعیر، رۆژنامەنوس، وەرگێڕی بە توانای زمانی فەرەنسی و شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی، لە شاری تاران چاوی بە ژیان هەڵێنا، سێ ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی دایک و باوکی لێکجیادەبنەوە و بەو هۆیەوە سیمین رەوانەی باخچەیەکی ساوایانی ئەمریکایی لە تاران دەکرێت.

سیمین ساڵی ١٩٣٢ لە قوتابخانەی سەرەتایی «ناموس» وەردەگیردرێت، پاش ٥ ساڵ خولی ٦ ساڵەی سەرەتایی خوێندن تەواو دەکات و بڕوانامەی کۆتایی قۆناغی سەرەتایی پێ دەبەخشرێت و دوو ساڵی دواتر، واتە لە ساڵی ١٩٣٩ قۆناغی سێ دواناوەندیی خوێندن، بە بە دوو ساڵ بە سەرکەوتوویییەوە دەبڕێت، پاشان ساڵی ١٩٤١ی زایینی بڕوانامەی کۆتایی قۆناغی دواناوەندی لە بواریماڵداری تەواو دەکات. لەو سەردەمەدا بواری ماڵداری تەنیا بۆ پەیوەست بوون هونەرستان و فێرگە تەکنیکییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە.

سیمین بێهبەهانی ساڵی ١٩٤٥ لە «قوتابخانەی باڵای مامایی» ناونووسی دەکات و ساڵێک دواتر بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی وتارێکی رەخنەئامێز لە دۆخی نالەباری قوتابخانە لە رۆژنامەی «مرد امروز» (پیاوی ئەمڕۆ) دەر دەکرێت، لە کاتێکدا تۆمەتبار دەڵێ: «ئێستاش نازانم کێ ئەو وتارەی نووسیبوو».

مانگی مارسی ١٩٤٧ لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا لەگەڵ حەسەن بێهبەهانی مامۆستای زمانی ئینگلیزی ژیانی هاوبەش پێکدەهێنێت و لە ١٦ی دیسەمبری هەمان ساڵ یەکەم منداڵی بەناوی عەلی لە دایک دەبێت و رێکەوتی ١ی ژانوویەی ١٩٤٩ کوڕی دووهەمیشی لە دایک دەبێ.

سیمین ساڵی ١٩٥١ یەکەم پەرتووکی خۆی بەناوی «سێ تاری شکاو» (فارسی: سه تار شکسته) کە ناوەڕۆکەکەی دوو کورتە چیرۆکی شیعریی لەخۆ گرتووە چاپ و بڵاو دەکاتەوە، بۆ یەکەمین جاریش چاو بە نیمایووشیج، ئافرێنەری شیعری نوێی فارسی دەکەوێت.

ئەو شاعیرە لەسەر پێشنیاری نیمایووشیج شیعری «ناشناس» (نەناسراو) دەنووسێت، کە میداڵیای نێودەوڵەتیی ئاشتی وەردەگرێت. مێهدی ئەخەوان سالێس یەکێکی دیکەی وەرگرانی ئەو خەڵاتەیە.



سیمین بێهبەهانی

## لە هۆنراوەکانی بێهبەهانی لە سەردەمی پێش شۆڕشدا، بەرهەمی دەروەست بە ئارمانە کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێ

سیمین یەکەمین کچی بەناوی ئۆمید لە ٢٠ی جوولای ١٩٥٤ لە دایک دەبێت و ساڵی دواتر واتە ساڵی ١٩٥٥ دەبێتە هاوکاری گۆڤاری «امید ایران» و سەرپەرسنیی بەشی ئەدەبیی ئەو گۆڤارە لەئەستۆ دەگرێت و ساڵی ١٩٥٦ کۆمەڵە شیعری «جای پا» (جێ پێ) بڵاو دەکاتەوە.

ساڵێک دواتر واتە ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵە شیعرییەکی دیکەی بەناوی «چلچراغ» (چل چرا) لەلایەن وەشانگەی ئەمیرکەبیرەوە بڵاودەکرێتەوە و ساڵی ١٩٥٨ لە کۆلیژی ماف زانینگەی تاران وەردەگیردرێ و ساڵی ١٩٦٢ کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بەناوی «مر مر» بڵاو دەکاتەوە.

«سیمین بێهبەهانی»ی شاعیر لە ساڵی ١٩٦٣ لە دانیشتنە ئەدەبییەکانی ئەنجومەنی ئێران و ئەمریکا وێڕای چەندین شاعیری و نووسەری دیکەی هاوچەرخی فارس بەشداریدەکات و یەکەمین دانیشتن بە شیعری بێهبەهانی دەستی پێ دەکات.

ساڵی ١٩٦٥ شیعری گۆرانی بۆ رادیۆ ئێران دەهۆنێتەوە و لە سەردانێکدا بۆ بەریتانیا لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی قەڵەمی لەندەن چاوپێکەوتن پێکدەهێنێت.

چوار ساڵ پاشتر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی شیعری و مووزیک.

چوار ساڵ پاشتر لەگەڵ شاعیرانی وەکو نادر نادرپوور، یەدوڵڵا رۆیایی، بیژەن جەلالی و فەرەیدوون موشیری، دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی شیعری و مووزیکی رادیۆ تاران (ئەنجومەنی گۆرانی).

هەر لەو ساڵەدا لە مێردەکەی حەسەن بێهبەهانی جیادەبێتەوە و ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ مەنووچێر کوشیار، بۆ جاری دووهەم ژیانی هاوبەش پێکدەهێنێتەوە. ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەمین جار کێشی شیعریی نوێ لە شیعرەکانی ئەزموون دەکات.

ساڵی ١٩٧٨ وەکو ئەندامی ئەنجومەنی نووسەرانی ئێران وەردەگیردرێت و ساڵێک دواتر واتە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، یەکەمین بەیانامەی گشتی لەبارەی «مافی ژنانی ئێرانی پاش شۆڕشی ٧٩» لە دانیشتنی گشتیی ئەنجومەنی نووسەرانی ئێران پێشکەش دەکات، کە دواتر لە حەوتوونامەی «جمهوری» لە دوو ژمارەدا بڵاودەکرێتەوە.

وەشانگەی «زەڤ ڤار» ١٩٨١ کۆمەڵە غەزەڵی بێهبەهانی لەژێر ناوی «هێڵێک لە خێرایی و ئاگر» (خگ ز سرعث و ێتش) بڵاودەکاتەوە، دوو ساڵ دواتر لە ١٩٨٣ ئەرژەن نەوەی ٨ ساڵانی سیمین بەهۆی شێرپەنجەوە دەمرێت و بەو بۆنەوە «دەشتی ئەرژەن» لە چوارچێوەی کۆمەڵێک غەزەڵی نوێی فارسی نزیک بە سی و هەشت کێشی شیعریی بێ‌پێشینە بڵاودەکاتەوە.

مەنوچێهر کوشیار مێردی دووهەمی سیمین ساڵی ١٩٨٤ بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە کۆچی دوایی دەکات، ئەرمی ناوبرا لە نزیک ئەرژەن لە ئیمام زادە تاهیر ئەسپەردەی خاک دەکرێت.

سیمین بێهبەهانی پاش ٦ ساڵ قەدەغەکران لە چالاکی ساڵی ١٩٨٩ وتووێژێکی لەلایەن «ناسر حەریری»یەوە لە بەرگی شەشەمی پەرتووکی «لەبارەی هونەر و ئەدەبیانەوە» بڵاو کرایەوە.

ساڵی ١٩٩٠ هەڵبژاردەی شیعریەکانی بێهبەهانی پاش چوار ساڵ چاوەڕوانی لەمەڕ وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە، چاپەکرێن و پاش دوو ساڵ بە سڕینەوەی هەندێک لە شیعریەکانی دەکەونە بازار.

لەو ساڵەدا سیمین لەمەڕ بەشداری لە کۆنفرانسی مێسا (MESA) سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات و لە یانزە زانینگەی ئەیالەتیی ئەمریکا ئامادە دەبێت و کۆمەڵێک بەرنامەی شیعری خوێندنەوە و واندەری بۆ ئێرانیان دانیشتووی ئەمریکا بەڕێوەدەبات. ساڵی

دوانـــزی ژمـــارەی ســەردانـە فەرهەنگییەکانی سیمین لە(٢٠) سەردان تێپەڕ دەبێت و ژمارەی دواندەری و شیعریخوێندنەوەکانی خۆی لە ١٠٠ نزیک دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٩١ حەوت پەرتووکی سیمین بێهبەهانی «جـێ پێ، چل چرا، مەر مەر، ڕەستاخیز، هێڵێک لە خێرایی و ئاگر، دەشتی ئــەرژەن، ئەو پیاوە و هاوڕێم (پرسەنامەی هاوسەر)» پاش ٧ ساڵ قەدەغەکران، وێڕای دەستکاری و پێداچوونەوە و سڕینەوەی هەندێ لە شیعریەکان و دەستەواژەکان لە لـەلایـەن وەشانگەی «زەڤ ڤار»ەوە لە چاپ دەدرێنەوە.

ساڵی ١٩٩٢ کۆمەڵە شیعری «کاغزین جامە» لەلایەن وەشانگەی زەمانەوە بڵاودەکرێنەوە و ساڵێک دواتر لە ١٩٩٣ تایبەتنامەی سیمین بێهبەهانی لە زانینگەی کۆلۆمبیا لەژێر نـاوی «نیوەکەی دیکە» بڵاودەکرێنەوە. ساڵی ١٩٩٤ شیعری شاعیرانی فـەڕانـسـەوی وەکـو «پیەر دە بوادفەر» وەردەگێڕێتە ســەر زمانی فارسی و بڵاویان دەکاتەوە.

سیمین ساڵی ١٩٩٥ کۆمەڵی شیعری «یک دریچەی ئازادی»» هەڵبژاردەی غەزەڵە سوننەتییەکانی لەژێر ناوی «عاشقتر از همیشە بخوان» و هەڵبژاردەی شیعریە نوێیەکانی لەژێر ناوی «کولی و نامە و عشق» بڵاودەکرێنەوە و ساڵی ١٩٩٦ کۆمەڵەی چیرۆک و بیرەوەری بەناوی «با قلب، خود چە کـردم» لە لۆس ئانجلیس و پاش ماوەیەک بە ڕەشکردنەوەی بەشێک لە شیعریەکانی لە تاران




بڵاوکرایەوە.

ســاڵـی ١٩٩٨ «جـای پا تا ئازادی» هەڵبژاردەیەک لە شەش پەرتووکی سیمین لە یەک بەرگدا بـڵاو دەکـرێـنـەوە و «نـگـارەی گلگون» کۆکراوەی دوو پەرتووکی «کاغزین جامە» و «افزودەها» لە لۆس ئانجلیس لە چاپدەدرێ. ٢٦ی ژووئەنی ١٩٩٨ دامەزراوەی جیهانیی توێژینەوەکانی ژنان، سیمین بێهبەهانی وەکو ژنی ساڵ هەڵدەبژێرێ و ڕێزی لی دەگرێت. «یـــاد بـعـضـی نـفـرات» (بیرەوەریی کۆمەڵێک کەسان)» کە کۆمەڵێک ڕەخنە و بیرەوەی و وتووێژە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی دەدرێنە دەرەوە. لەو ساڵەدا «لە ساڵەکانی ئاو و سەراو»یش کە کۆمەڵێک لە شیعریەکانی سیمینی لەخۆ گرتووە چاپدەکرێ. خەڵاتی «لیلیان هیلمێن/ ساشیل هامێت»ی لەلایەن ڕێکخراوی چاودێرانی مافی مرۆڤەوە (Human Rights Watch) پێ دەبەخشرێ. زایەڵەی شێۆر و ئەدەب (ئاوا) لا ماڵمۆی سوێد ژمارە ٨ و ٩ تایبەت بە سیمینی بێهبەهانی لـەلایـەن ئەنجومەنی نووسەرانی ئێران لەو وڵاتە بڵاو دەکرێنەوە.

ساڵی ٢٠٠٠ «یەکێک وەکو ئەمە» کۆمەڵە شیعری و «کلیل و شمشێر»ی سیمین بڵاودەکرێنەوە و ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیش کۆی کۆمەڵە شیعرییەکانی بڵاودەکرێنەوە.

سیمین بێهبەهانی لە بواری داهێنانەوە بۆ دەربڕینی شیعری و بەکارهێنانی ناوەڕۆکی دووره زینییەوە، لە بەهێزترین شاعیرانی هاوچەرخی فارس دێتە ئەژمار، ئەو لە ئافراندن و گەشەی زۆربەی بزاڤە ئەدەبییە هاوچەرخەکانی ئیران ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو و پشکێکی بنەڕەتیی هەبووە لە ئەدەبیاتی دەروەستی سەرەدمی پێش شـۆڕشـی گـەلانـی ئێران، ئەدەبیاتی فیمینیستیی پاشا شۆڕش و بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتی کـۆمـەڵایـەتـی و سیاسیی ئەم ساڵانەی دوایی.

بێهبەهانی لەو بەرهەمانەی کـە پـێـش شـۆڕشـی ســاڵـی ٧٩ هۆنیویەتەوە، هەر وەکو شاعران و نووسەرانی ژنی ئەو سەردەمە، هێندە نەدەپڕژایە سەر کێشە و گرفتی ژنـان و لە چوارچێوەی هـــزری و فـەلـسـەفـیـی بـزاڤـی ئەدەبیاتی دەروەستی کۆمەڵایەتی نـەدەنـــرازا. ئـەو بـە ڕوانینی ڕیالیستی و بە کەڵک وەرگرتن لـە زمـانـی هێما و خـــوازەی تایبەت ئەدەبیاتی دەروەستی، دڵنیگەرانییەکانی لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتی، پرسی چینایەتی و نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان لە وتار و هۆنراوەکانیدا پێشاندەدا.

لەو ســەردەمــەدا، ئەدەبیاتی

**پیاوانیش قوربانیی بارودۆخێکن کە دەسەڵات دایسەپاندوە و لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژێك ڕزگاریدەرێك دێت و هەموویان ڕزگار دەکات**

ژنان، هەر وەکو چۆن لە بەرهەمەکانی نووسەران و شاعیرانی وەکو سیمین دانشوەر، فرووغ فەروخزاد و تاهیرە سەفارزادە خۆی دەرخستووە، زیاتر لەسە ئارمانە کۆمەڵایەتییەکان چڕتر بووەتەوە، هەتا پرسە پێوەندیدارەکانی چەمکی فیمینیست. واتا لە ئەدەبیاتی دەروەستیی ئەو سەردەمەدا پێویست بووە ئاوڕ لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی سیمبۆل و هێما بدانەوە. هەرچەندە ئەگەری زۆرە ئێکرای نووسەران و شاعیرانی ژن و بەتایبەت فەروخزاد، خۆیان ڕەهەندی دەمارگرژی و چوارچێوە ڕەگەزی و ئاکەکەسییەکانی کۆمەڵگە، تەنانەت بنەماڵەشیان ئاقیکردبووەوە، خۆیان لە ئاخیوی (دیسکۆرس) دەروەستی کۆمەڵایەتیی پێناسەکراو لەلایەن پیاوانەوە، بەندکراو دیتوە.

لە هۆنراوەکانی بێهبەهانی لە سەردەمی پێش شۆڕشدا، بەرهەمی دەروەست بە ئارمانە کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێ، خۆی دەڵێ کە بەشی گرنگ و سەرنجڕاکێشی کارەکانی باس لە ئازار و ناڕازایەتییەکانی خەڵک دەکات، هەر بۆیە هۆنراوەکانی لەلایەن ڕەخنەگران و خوێنەرە ئاساییەکانییەوە، بەتایبەت توێژی ستەملێکراو و بەشخوراوی کۆمەڵگەوە پێشوازیی لێ کراوە. پەرۆشیی سەرەکیی ئەم شاعیرە لە «جێ پێ» کە باس ژیانی «رووسپییەکان، مردووشۆرەکان، سەماکەران، منداڵە نەخۆشەکان و خوێندکارە هەژارەکان» دەکات، گێڕانەوەی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتییە کە ژنان و پیاوان بە شێوەی یەکسان دەبنە قوربانی.

سیمین هیچ کات لە شیعریەکانیدا پیاوان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی ژنان بە بەرپرسیار نازانێت و دەڵێت، پیاوانیش قوربانیی بارودۆخێکن لە دەسەڵات دایسەپاندووە و لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژێک ڕزگاریدەرێک دێت و هەموویان ڕزگار دەکات.

ئەو شاعیرە فارس زمانە بە وێناکردنی کۆمەڵێک ژنی سەربەخۆ، کە سنوورەکانی داب و نەریتیان تێپەڕاندووە، ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی پیاوان دەکات. لە کۆمەڵە شیعری «ئەو پیاوە، پیاوی هاوڕێم» کە سەبارەت بە خۆی و مێردەکەیەتی، پێگەی ناوەندیی پیاوانی زەوت دەکات ژیانی ژنی قارەمان لەم پەرتووکەدا سووژەی سەرەکی و کەسایەتیی پیاو زیاتر لە ئۆبژەیەک نییە. نووسەر بە وردبینییەوە بە زمانی هێما ڕەوتی بە هەرەت گەیشتن و کەم ڕەنگبوونەوەی ئاخێو (دیسکۆرس)ی چەپ پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەکێشێتەوە و قارەمانی چیرۆکەکە، کە مێردەکەیەتی و لە دەستیداوە و بەهۆی هەڵوێستە چەپەکانییەوە تووشی زیانی پێ گەیشتووە، لەگەڵ دژوارییەکان بەربەرەکانێ دەکا و درێژە بە ژیان دەدات.

پێگەی سیمین بێهبەهانی لە بواری ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسدا، زیاتر قەرزداری توانایییەکانی ئەو شاعیرە کەم وێنەیەی فارسە کەلە بەرهەمەکانیدا، مۆسیقای شیعری، وێنای شاعیرانە و گێڕانەوە، هەموویان پێکەوە هۆنراوەکانی ئەو شاعیرەکان یەکپارچە کردووە. سەرەڕای ئەمانە نکۆڵی لەوە ناکرێ، کە ئامیانی مرۆڤ دۆستی، ئاشتیخوازی و ئازادیخوازی بەشێکی گەورەی بەرهەمەکانی لەخۆ گرتووە.

**سەرچاوە:**

-ماڵپەری (دبستان ئانلاین)
http://dabestanonline.com/? part=news& inc=news& id=156